
## سۆراخ

# کتێبی ملوانکە



حەسەن مستەفا

لە سۆراخی ئەم جارەدا گەوهەرێکی زۆر بەنرخم دۆزیەوە،کە بێتواناو دەستەوەستان بوومە تەنێکو کەوتمە دەرەوەی فەلەکەکەیو لە گەشتێکی سیحرئامێزدا سووری پێدەدامەوە. ئەم گەوهەرەش کە پێ دەچێ پاشەبەرەی گەورە شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس بێ، کەوەك خۆی لە بەراییەکەیدا دەڵێ: هێشتا پێم ماوە بۆیە ئەم بەرهەمەتان ئەخەمە بەدەست. لەڕاستیشدا هەروایە، ئەم کتێبە کۆمەڵێك راستی بەرهەمهێناوە کە ئەمەوێ بەکورتی پەنجەیان بخەمەسەر. یەکەم؛ شێرکۆبێکەس وەك چۆن لەبەرهەمهێنانی وشەی کوردی یان راستتر بڵێم دۆزینەوەیان وەك یاقووتو مرواری لەبنی دەریاوە، هەمیشە پێشەنگ بووە. لەم بەرهەمەشیدا توانیوویەتی کۆمەڵێك وشەی کوردیمان بەبەرگوێدا بدات، کەتا ئێستا ئێمە پێی ئاشنانینو بێگومان بەمەش فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەبێ. دووەم؛ شێرکۆ هاتووە شێوازێکی نوێی هەڵبژاردووە بۆ راستکردنەوەو نەهێشتنی ئەو گرێوگۆلانەی دەبنە رێگر لەبەردەم بە کۆتایی گەیاندنی ئامانجەکەی لە نووسین، چەندین شێوازی لە نووسین تاقیکردۆتەوەو تێکهەڵکێشی کردوون لەگەڵ یەکتردا لە شیعرو پەخشانو قسەی ئاساییو شانۆنووسینو چیرۆكو چیرۆکە هەواڵ...هتد. هەمووشی لەبۆتەی یەك بابەت دەخولێنەوەو یەك چوارچێوە وڵاتی هەموویانە. سێیەم؛ داکۆکیکردنی هەمیشەیی شاعیر لەدۆزی ژنان. کە تەواوی بەرهەمەکە لەسەر ئافرەتانە، ئەتوانم بڵێم مانیفێستی ژنی نووسیوە، ئەوەندە بەشێوازێکی هونەریانە دایرشتووە قەت ناتوانین کێماسییەکی لێ بدۆزینەوە. چوارەم؛ لەسەر کولتووری داسەپاوی کۆمەڵگا زۆر بەشێوەیەکی رەخنەگرانە هاتووە شرۆڤەی کردووەو قسەی خۆشی وەك ئەلتەرناتیڤێك جێ هێشتووە. پێنجەم؛ خەمی گەورەی خۆی کە ئەنفالە لەم بەرهەمەش گەڕاوەتەوەسەری و قومریە بۆرەقنەکانو بێوەژنە رەشپۆشەکانی گەرمیانی فەرامۆش نەکردوون.شەشەم؛ بەڕای من لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر وەقسەهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی کە مێینە لە کۆمەڵگای ئێمە بەکاری دێننو دروستکردنی دیالۆگ لەنێوانیان، کە هەریەکەیانی بەگرفتێکەوە بەستۆتەوەو هەریەکەی باس لەکێشەی خۆی دەکات. حەوتەم؛ ناوهێنانی چەندین شاکاری گرنگی جیهانی و خۆماڵی، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بەدۆزی ئافرەتان . هەشتەم؛ تیرۆر وەك خەمێكو رەتکردنەوەی راستییەکانی بەرامبەر بەجوانی باسی لێوەکردووە، پێمان دەڵێ: ئەوانەی تیرۆر دەکەن پێیان وایە کە لەژیاندا تەنها یەك راستی هەیە ئەویش لای ئەوانە..ئەویش ئەو راستیانەن کە لەدەقی دین وەردەگیرێنو پێی گۆش دەکرێین، بێئاگا لەوەی لەگەڵ گۆڕانە خێراو بەردەوامەکانی کۆمەڵگا، گۆڕان لەبیرو ئەخلاقوتەواوی ئەو نۆرمانە دروست دەبێ کە مرۆڤ پێیەوە پەیوەستە، بۆیە لێرەیە ئیشکال دروست دەبێ و ئەوانەی گرێدراوی دەقن ناتوانن راستییەکانی تری دەوروبەر ببینن، بۆیە هەر ئاوا بەتەسکی دونیا دەبیننو هەوڵی تەسفیەکردنی ئەوانەش دەدەن کە ئەیانەوێ لەدەرەوەی ئەوان قسەیەك بکەن، چجای ئەوەی ئەو قسەیە پێچەوانەی رای ئەوان بێ... تەوەری تریش زۆرن بۆ قسە لەسەرکردن، بەڵام پێ ئەچێ جارێ هەر ئەوەندە بیرکردنەوەو خوێندنەوەی من فریایان کەوتبێ، تا جارێکی تر بەم شاکارەدا دەچمەوەو شتی تری لێ هەڵدەهێنجم.